# ئاسمان لەپشت خودەكانیشەوە شینە

دڵشاد عەبدوڵڵا

کەڕەنای جەنگەکان بێدەنگ کەن
وادەی گەڕانەوەی قوڵینگەکانە
وڵات هی ئەوانیشە.

وەک کەوتنی بن میچ لە ئاهەنگێکی مۆسیقا
یان کوتانی بزمار لە ئێسقان
کەڕەناکان هەڕەشەدەکەن
نێوانی هەڵدانی زار و
هەنگاوی دواتر
پێویستی بە بێدەنگییە
پێویست بەدەنگی بەرزناکا،
لە دەرگادانیماڵی خۆت.

وڵات جوگرافیا نییە
بەهرەیە،
وەک مۆسیقا.

کەڕەنا ئارامی تێک دەدا لە هەوا
ئارامی تێک دەدا لە گۆڕ
مردووەکان وادەی نووستنیانە
وڵات هی ئەوانیشە.

وڵات ئەو شتە سادانەیە دەینەخشێنین
ئێمە لەسەر کاغەز
هەندێکی تر لەسەر لمی کەنار.

هەندێک جار،
بە بەردێک، یان بە بنەدارێک، یان بە دەرگایەک دەوترێ
وڵات
هەندێک جار ڕووبەری پانوپۆڕی گەورە پێی ناوترێ وڵات.

بە منداڵی سەگێک و مامزێکم هەبوو
یەکیانم لەکۆڵان بەخێوکرد، ئەوی تر لە بنەبان
سەگەکە بە دیار ماڵەکەمانەوە کوژرا
مامزەکە فورسەتی هێنا و ڕایکرد



کۆڵانەکەمان گڵ بوو
شوێنی گەوزین و پەڵەخوێنی ئەمیان مایەوە
جێ سمی ئەویان ون بوو
وڵات هەردووکیانە،
ئەوەی دەمێنێتەوە و ئەوەی ڕادەکا.

لەسەر ڕێگای قوتابخانە،
بە شوورەی بەرزی قەسرێکدا هەڵدەگەڕاین
لە باخچەی بۆنخۆشی گوڵمان هەڵدەپاچی
بە پۆزەوە لە یەخەی چاکەتە شڕەکانی خۆمان دەدا،

بە تەنیشت گۆڕستانێکدا دەڕۆیشتین
ناوی سەر کێلەکانمان دەخوێندەوە
کەسیانمان نەدەناسی
کێلەکانمان تێک نەدەدا
وەکو ئەوەی کەسی خۆمان بن،

دواتر،
قەسر و باخچە بۆنخۆشەکە و گۆڕستان
پێکەوە بوون بە وڵات
بەڵام ئێمە گەورەبووبووین
بە شوورەکان هەڵنەگەڕاین

خەتای مامۆستا بوو
پێی نەوتین، وڵات ئەو شتە گچکانەیە
کە ڕۆژانە دڵمان پڕدەکەن لەخۆشی
نەک ئەو قسە قەبانەی تەقەی سەرمان دەهات لە ئاستیان.

فڕۆکە،
گوندێکی بۆردوومان دەکرد،
لەسەربانی ماڵەکەمانەوە لە دووری دە کیلۆمەتر
تەماشام دەکرد
یەکەم جاربوو دوو وڵات ببینم
یەکیان لەژێر هەڕەشەدا
ئەوەی تریان بەرانبەری.

وڵات ئەبەدی نییە دەگۆڕێ
کە چوومە بەغداد
بە گیرفانی بەتاڵەوە کتێبخانە گەورەکان دەگەڕام
وڵات ئەو کتێبە بوو لەترسی بەعسییەکان بەرگم
تێگرتبوو
هەموو شەوێک لە بالکۆنی بەشی ناوخۆ دەمخوێندەوە.
لە شەوانی عەربەدە و بوهیمی
وڵات ئەو گۆرانییە مەستانە بوو درەنگانی شەو
لە مەیخانەکان دەمانوتەوە.
کە چوومە بەغداد
وڵات بووە پاسێکی پۆڵۆنی،
بەشەش سەعات دەیهێنامەوە بۆ ماڵ.
هەمووجار،
هاتنەوە دوورتربوو لە ڕۆیشتن.
وڵات تەمەڵ نییە بە دەنگی بەرز لە خەوی هەستێنی
ئاوەها بانگی بکە، وەک ئەوەی دڵی خۆت بدوێنی.

ئەوانەی وڵات بە دوو دەبینن
تووشی ئیستگماتیزم بوون،
لە مەنفا.

سێبەرێکە پێتەوە دەنووسێ،
بەم چەشنە هەر خۆتی
پاتە دەبییەوە لە ئەودا.

وڵات پارچە پەڕۆیەک نییە
لە قەدی خۆتی لوول بدەی
بە زمانی ڕووت، پەشتەماڵی حەمام نییە
حەمامە
خۆتی تێدا ڕووت دەکەیتەوە
بێ ئەوەی سڵ لە هیچ بکەیتەوە.

وڵات درەوشانەوەیە
ئاوەها خۆشت بوێ لەزەتت پێ ببەخشێ
نە ئازارت پێبدا نە خۆشی
ئاه هەستی من چیتر
دەرفەتی جەنگ مەدە

**هەولێر**
**ئایاری ٢٠١٧**